چەند بەشێك لە قەسیدەی :

# چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/کۆڵن

bhastiar@yahoo.de

: 2006/7/16

نیگەرانترین پیاوی ئەم کەونە منم
بۆیە ئەگەر چاوێکم جورئەتی کرد
بۆ کەروێشکە خەوێك لابداتە قەراغ ڕێ
چاوەکەی ترمی لێ ڕائەسپێرم ....
کە بە یەکەوە دانیشتن ڕووی پێڵاوەکەی تێ بکات
بۆ ئەوەی بزانێت چەند خائین و شەرمەزارە !!!!
بەد بەختترین مەخلوقی ئەم کەونە منم
بۆیە ئەگەر کچۆڵەی وشەیەکم ....
بە جلێکی نیوە ڕووتەوە
بێ عار .. بێ عار سەمای کرد
بە ڕستە مەلوول و غەمگینەکان ئەڵێم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تف .. تف ..تفێکی خەستی لێ بکەن
تا بزانێت حورمەتی کەسێکی تازیەبار بگرێت !!!
تاوانبارترین کوژراوی ئەم سەر زەمینە ، منم ،
بۆیە هەموو تووتییەکان فێر ئەکەم
ئەوەی ڕەحمەتی بۆ ناردم
جرتێکی درێژ .. درێژی بۆ لێ دەن !!!!

***************

: 2006/7/17

نە ، لە بیرکردنەوەدا ئەگەمە ماڵی نەورەسێك
لەگەڵ خۆی بمباتە سەر دەریا ....
بۆ ڕاوی هەتاو ؛
نە ، ئەو چاکەتە بۆرەی دوودڵییش فڕێ ئەدەم
کە تارماییەکی نە ناس.....
بە زۆر داویەتی بەسەر شانما !
بۆیە پێش ئەوەی جەستە لانەوازەکەم تەسلیم کەمەوە
وەها ماندووی ئەکەم ، کەس نەیناسێتەوە و
خوداش بە بەندەی خۆیی قبووڵ نەکات

****************

لە جەنجاڵییدا بیر لە تەنیایی ئەکەمەوە
تا ئەبم بە ژێر دەست و پێی.....
ئاپوورەی نێو کۆڵانەکانی " بوون "ەوە !!
پەل بۆ سێبەری لقە پڕ میوەکان درێژ ئەکەم
هەتا ئەبم بە ژێر هەرەسی فانتازیاکانی خۆمەوە ؛
بە هەر لایەکیشدا بچم ....
کلیل ، بەمدیوی دەرگای دڵمەوە جێ دێڵم
تاکو لە بەرائەتی خۆمدا ئەکوژرێم !

************

: 2006/7/18

چاوەڕوانیی ، تەیرێکە ، هەمیشە .....
لە بێزاریدا دیواری دڵم ئەکات بە بێژنگ ،
بەردەوامیش ،.....
بێ ئومێدیی ، سەنگ تاشێکە.....

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمکات بە پەیکەرێکی بێ گیان ،
بەلام ئەمشەو ، بێ ئومێد چاوەڕێی شتێکم و
کەچی تەیرەکە نووستووە و
سەنگ تاشەکەش بە ئیسراحەت پاڵی داوە بەتاشە بەردێکەوە
*************

پێویست بە نیگەرانیی ناکات کە ڕۆیشتیت ،
هەر بە ئاستەم ڕوویەکم لێ گرژ بکە
ئیتر من تێ ئەگەم ...
جەنابی تۆ کە دەرکەوتیت ، ئەبێ تەشریفی من بڕوا *
*************

: 2006/7/19

قەقنەسم ،
بەلام لە خۆڵەمێشی خۆمدا ...
بە ئێجگاری ئەنووم ؛
تاوانبارێکی زۆر سەیرم ،
لە سێبەرەکەی خۆم بەو لاوە ....
دەستم ناچێتە خوێنی کەس
*********

عەشق وەك دۆزەخ داگیری کردووم ،
ئەوەی ڕۆژێك خۆشم ویستبێت ....
ناهێڵم نەفرەتی هیچ خواوەندێکی بەرکەوێت !
***********

تۆ ، کە نەمهێشت لە خۆشەویستییم تێر بیت
باکی ئەوەم نییە ....
وەك شەیتان بەردبارانم کەیت ،
یان نەهێڵیت دەستم بگاتەوە دەسرۆکەی سپی عیشقەکەت
***********

: 2006/7/20

نیگەرانیی ، ماڵێکی پێ بەخشیوم
زەنگی سەر دەرگاکەی ئەوەندە نزمە
دەستی هەموو کەسێکی پێ ئەگات
*********

بەیانیان لە دوای بەرچایی ....
مژێك لە جگەرەکەم ئەدەم و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو خەونەکانی شەوی ڕابوردووم
لە ژێر باڵی ئەو دووکەڵە خەستەدا ئەبینم ،
خەونە خۆشەکان بەر لە پەرتبوونی دووکەڵەکە
لەسەر سەرم ون ئەبن و
ئەوانی دیش بەرئەبنەوە گیرفانم
*******
ئەگەر ویستت پیاوێکی نیگەران .....
وەك دێڕە شیعرێکی سەقەت بسڕیتەوە
کە گۆرانیی وت ، گوێی لێ مەگرە ،
کە بێ دەنگیش بوو ، هەراسانی کە
*************
خوێناوییترین شەڕ ئەو کاتە دەست پێ ئەکات
کە یەخەی خۆم ئەگرم و
کەس نییە لێکمان کاتەوە
*********
: 2006/7/21
لە منداڵ ساویلکانەتر لە شتەکان حاڵیی ئەبم
بۆیە کە بە هەڵوەرییینم پێ ئەکەنیت
وا ئەزانم نوکتەیەکی تازەم گێڕاوەتەوە
*******
کارتۆنێکی بەتاڵ ،
ڕەشەباکەی سلێمانی ئەیکێشێت بە دار و بەردا
ئای بەخت چەند یاوەرێتی ؛.
من ، قتووی قووپاوی دڵم لەو شەقامە فڕێ داوە ...
کەسێك نییە شەقێکی تێ هەڵبدات و
لە دەنگی خلبوونەوەکەی بە ئاگا بێم !!
*********
: 2006/7/22
ڕاکە ..ڕاکە ..ڕاکە
ئاوڕ مەدەرەوە من لە کوێم
ڕەنگە من پێش تۆ
ترس ڕفاندمی بۆ ئەو سەر
زۆر لە دوای تۆش
بگەڕێمەوە سەرەتا !!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

*******

" باز "ێك لەسەر شانم نیشتەوە
هەر لەوێدا باڵەكانی بوون بە مۆم ،
بێهوودە خۆتان ماندوو ئەكەن
تازە من بۆ هەتا..هەتا....
پاشای بێ عەرش و
خودای بێ مەخلووق و
پێغەمبەری بێ پەیامم
غەزەب لە " خۆم "ی بێ ڕەعیەت و
" خۆم "ی عەبدی ڕووڕەش ئەگرم

*******

: 2006/7/23

خۆپەرستیی ئەوەیە كە جێت هێشتم
ڕێم پێ نەدەیت چراوگێك هەڵبگرم و پێشت كەوم
تا بە شوێن پێكانی تۆدا
یەكەمین خاڵی هەڵهاتن بدۆزمەوە

********

هەموو شتێك قبووڵ ئەكەم
بە مەرجێك لە ژێر هەورێكا جێم بێڵێت
ئاوس بێت بە بارانی بیرەوەرییەكان

*********

: 2006/7/24

دواجار لە شوێنێك سەر دەردێنم
مرۆڤەكان دوو چاو و
دوو دەست و
دوو قاچ و
یەك دڵیان هەیە
منیش نە چاو و
نە دەست و
نە قاچ و
نە دڵ ،
خاوەنی تاكە شتێكم ، پێی ئەڵێن
سەراسیمەیی !!!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

*********

: 2006/7/25

که دڵتەنگیی ئەمکاتە هێشووە ترێیەکی گەنیو
ئیتر لەوپەڕی دنیاوە
شارە زەردەواڵەی ورووژاو...
وەك بۆنیان پێوە کردبم ،
دێن و بێ ڕەحمانە ، خاڵییم ئەکەنەوە لە تەڕیی

***********

2006/7/26

سۆزم بەرێ ، هەر کات گڕەی نیگەرانیی
ڕێی کەوتە ڕەزی ڕۆحت ،
بانگم کەیت چەترێکت بۆ هەڵدەم
بە قەد کەون ، هەموو کەون ، فراوان بێت ؛
سۆز بێت منیش ئەگەر لەسەر نووکی پەنجەش
نیگەرانیی بە بەر دەرگامدا تێپەڕێت
ڕەشماڵێك هەڵئەدەم ، گەورە
گەورە هێندەی هەموو ئاسمان ،
بۆ ئەوەی ونم کات لە تۆ !!

**********

: 2006/7/27

ئەمەویت لە خۆم تێ بگەم ،
پەڕەسێلکەم و گوێسەبانەیەك نابینمەوە
هێلانەیەکی لێ چێ کەم ؟
یان منداڵێکی چەقاوەسووی " مەڵکەندی "م و
لە قرچەی نیوەڕۆیەکدا.....
بەردە فڕکێمە لە دووی پاساریییەکان؟؟

**********

: 2006/7/31

کەرت .. کەرت ..کەرت بووم
نامەوێ خۆم کۆکەمەوە
نەوەك پارچەیەکەم ون کەم

**********

شێت ..شێت ..شێت بووم ،
ناگەڕێمەوە لای ئێوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەكا ببمەوە بە ئاقلێكی دەبەنگ ،
یان فەیلەسووفێكی ڕەنج خەسار !!
*********

: 2006/8/1

كە باوەشم پێدا ئەكەیت
ترسێك لە زەرداوی مردن سامناكتر .....
لە دەموچاوم ئە پرژێت ؛
ئەگەر دووركەوتنەوە ، .....
لە گلێنەكانی خۆمان نزیكتر نەبێت لێمان ،
بۆ ناتوانین چاوێك لە یەكتر غافڵ كەین !
********

ڕقم لێتە ،
چونكە ناهێڵیت لەگەڵ خۆم بتكوژم ،
خۆشم ناوێیت ،
چونكە لەگەڵ خۆت نامكوژیت
*********

بەدبەختم ، گەر وا بزانم .....
لەودیو تەیمانی ماڵەكەتەوە
جێگەیەك هەیە بۆ پیاسە ،
نەهامەتییە وا تێ بگەیەك ....
بەختەوەریی ماشێنێكە و
تەنها لەبەر قاپییەكەی منا پێی ئەگەیت
***********

: 2006/8/2

بیر لەوە مەكەرەوە جێت بێڵم
من هەنگاوم بیرچۆتەوە ،
زیرەكیی تۆ لەوەدا بوو....
قاچەكانت بڕیمەوە ،
ئاقڵیی من لەوەدا بوو
كە هاتمە لات تەواو ..تەواو خۆم لە بیر كرد
********

: 2006/8/5

تۆ ئازادیت لە كوێوە ژەهری نیگەرانیی
ئەڕێژیتە بن گوڵە هێرۆی هەموو ساتەكانمەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منیش سەربەستم لەوەی ...
دەم لەو ژەھرە شیرینە بەر نەدەم
******
: 2006/8/6
لەم سەر زەمینە ئەوەندە گوللە تەقیوە
کەس خوێنی خۆی ناناسێتەوە ،
لە کەللەسەری منیشدا .....
ئەوەندە خەیاڵ کوژراوە
یەکەم تاوانی خۆمم بیر نایەتەوە !
********
درەنگ ، یا ، زوو ،
شتێك لە ژوورەکەمدا ئەقەومێت ،
یان پڕ ئەبێت لە یاقووتی " مەحاڵ " ،
یان خاڵیی ئەبێتەوە ....
لەتەنەکەی ژەنگاویی " ژیان "
********
: 2006/8/8
فێری گەلێك شتت کردم ، ئەوە نەبێت
چۆن خۆم لە پەتای عیشقت بپارێزم ،
هەموو شتێکت بیر بردمەوە ، ئەوە نەبێت
چۆن نەهێڵم ، عیشق ئێواران .....
خۆی بکات بەودیوی " کەل " دا
**************
کە بۆت کرا ، ساتێك فەرامۆشم کەیت
ئاسانە بۆت ، ئەو کووخەیش ئاگر تێ بەردەیت ....
کە هەموو تەمەنم لە ژێردا شاردۆتەوە ،
ئاساییە تاوڵی ئەو ڕەشماڵەش بشکێنیت ...
کە ئەڤین لە سایەیدا ئەحەسێتەوە
*********
نەفرەت.. نەفرەت لە تەوقی سەرم
کە ناتوانم ئەمشەو ببم بە سەگێك و
هەموو دنیا بە وەڕیین بێزار کەم
نەفرەت لە سەراپای تەمەنم ،
کە هەوڵم نەدا ....

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێ ئەندازە گلاو بم ، گلاو بم ..گلاو
بۆ ئەوەی کەون بەدەرم کەن
*********

: 2006/8/12
تاتەشۆرێك ئاوی لێ بچۆڕێت ،
داره مەیتێك بەسەر شانی کۆمەڵێك مەینەت بارەوە
کفنێك سوور .. سوور ؛
شکۆفەیەك ئەو دەمەی ئەپشکوێت ،
تریقەیەك ،لەوساتەیدا زارۆیەك خەنی ئەبێت ،
تۆ کامیانت پێ جوانترە ؟
کامیان زۆرتر شۆڕبوونەتەوە
بەسەر گوێسەبانەی تەڕی ڕوانیینتا ؟!!
من خۆم ، چاوم مەگەر گۆڕستان پڕی کاتەوە ،
هەواڵ ، مەگەر لە زێوانێکەوە ببیستم ،
نیازمە لە گۆڕهەڵکەنێکیش .....
سواڵی مەئوایەکی بچکۆلە بکەم
*******

: 2006/8/17
هەر کات بتەوێت چارۆکە ئەپێچیتەوە و
هەر سات مەیلت بوو ئاوڕێکی ڕووناك
لە حوجرەی تاریکم ئەدەیتەوە ؛
لەوە دڵنیایت قفڵێك شك نابەم
هیچ دەروازەیەکی پێ داخەم ،
پشت ڕاستیت لەوەی ....
ماڵەکەمت لێ ون نابێت ،
بە ڕێچکەی مێرووڵەکانی هاوڕێما ئەمدۆزیتەوە ،
بە گڵۆپە شکاوەکەی بەر دەرگاکەما ئەمناسیتەوە
*********

: 2006/8/18
دەمم گۆ ناکات بۆ پرسیار
چونکە بێ وەڵامی لاڵم ئەکات ،
با لە ئێستاوە زمانم لە زارما لوول کەم
پێش ئەوەی تۆ .....
لە بێ دەنگییتا مەحفەم کەیتەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**********

**شتێك لێره ڕای گرتووم**
**با هەر خۆم و خۆت بیزانین ،**
**ڕەنگە هین بێت ،**
**چی پێ ئەڵێن ؟؟**
**ببووره خۆشم نازانم ،**
**بەڵام تۆ باشی ئەزانیت !!**

********

**دەبەنگ ، ئەوەیە لە کارمامزی مردن هەڵدێت**
**کاتێك هێندەی کونە دەرزییەك**
**دەرفەت ئەمێنێتەوە بۆ ژیان ؛**
**ئاقڵ ، ئەو کەسەیە لە ژیان نابێتەوە....**
**کاتێك ئەوین هەموو دنیای لێ ئەتەنێت**

**********

: 2006/8/19

**خۆشە ، مەلەکردن لە دەریایەك پشکۆدا**
**کە ئاو ، تەنها هەڕەشەی خنکانت لێ بکات ،**
**ئاساییە ، پەنا بۆ بەفر بەریت گەرمت کاتەوە**
**کە ئاگر ، تەنها بە چاوی سووتان تەماشات بکات**

**********

: 2006/8/21

**بەخیلیی بە دڵڕەقیی ئاسن و**
**نەرم ونیانیی پەموو ئەبەم ،**
**ببم بە هاوەڵی کامیان !**
**بڵێی بکرێت هیچیان لە خۆم نەڕەنجێنم ؟؟**

*********

**هەر زوو سڵاوم سەندیتەوە**
**بە بێ ئەوەی بزانم ...**
**وەڵامی دوعاخوازییم ئەدەیتەوە یان ، نا ،**
**بە بێ ئەوەی لێت بپرسم.....**
**ئەم شەیدابوونە لە کوێوەتەڕی کردیت ،**
**بە بێ ئەوەی کەمێك لە خۆم ورد ببمەوە و**
**بزانم ، بۆ تۆم لەگەڵ شیعرا لێ تێکچوو**

**********

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2006/8/24

بۆ بەهارێکیش بێت ....

ئەگەڕێمەوە گوندەکەم ،

ئەو گوندەی نە جوگرافیای ئێوە ئەیناسێت و

نە منیش توانیم بستێك لەم کەونە بەڵەد بم ؛

ئەچمەوە ژێر بنمیچی خانۆچکە فێنکەکەی خۆم و

بەر هەیوانی ڕۆحم ئاوڕشێن ئەکەمەوە ؛

ئێمە لەوێ ، جەژنان گەردن ئازادیی لە یەك ناکەین ،

پیاوان نانێرین بۆ سوڵح ،

لە مزگەوت پێڵاوی یەکتر نادزین ،

سوێند لەسەر نرخی کیلۆیەك تەماتە ناخۆین ،

ژنەکانمان لە موبەق نان ناخۆن و

منداڵەکانمان لە شەرما میز ناکەن بە خۆیانا ،

بۆ دۆزینەوەی نەخشەی ماچێك

وەك سەگ ، بۆن بە دەمی کچەکانمانەوە ناکەین ،

ئەڕۆمەوە بۆ گوندەکەم ،

بای.. بای پیاوە نەخۆشەکان ،

بای.. بای ژنە کلۆڵەکان ،

بای.. بای سەرزەمینی گەنیو

*********

: 2006/8/28

پێم لە مێروولەیەك نا

ڕەنگە ڕۆحی خوای تیا بووبێت

گەر وابێت لە شەیتان نەفرەتاویی ترم ،

هەنگێك پێوەی دام و خۆی مرد ؛

لە جەللادێك خوێن تاڵترم

بۆ هێشتم لە خوێنی منا بخنکێت ؟

بۆ پێش ئەو ، خۆم .....

لە کلۆری داری مەرگا نەشاردەوە ؟

*********

دەنگ هەڵمەبڕە ،

نەك بەختەوەریی بە ئاگا بێ و

لەم ساکە دەشتەی ڕۆحمدا ...

لە ترسانا ناوی خۆی بیر بچێتەوە !

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

********

: 2006/9/9

هەتا ئەتوانیت ماچم کە ؛

تاکو ئەمرم ماچت ناکەم ،

کەی ئەتەوێت بمخەرە نێو ئامێزی خۆت ؛

قەت ناهێڵم لە باوەشما گەرم بیتەوە ،

هەموو لەزەتێك ، با لە تۆوە دەست پێ بکات و

لەبەر پێی تۆشدا شین ببێت ،

هەموو حەسرەتێك ،

با لە دیواری دڵی منەوە سەر بکات و

لە کەناری خوێنی منیشەوە .....

پەل بۆ نهێنییەکانی نەمریی بهاوێت

*************

: 2006/9/12

ناوم " بەرزان " ە ،

ئیدی بڕوا بە هیچی ترم مەکە ؛

ئاردی نێو دڕکم ،

داهۆڵی باخێکی دوورە دەست ،

سەماکەری نێو هۆڵێکی چۆڵ و هۆڵ ،

هەرچی هەم ، تۆ گوێم پێ مەدە

درۆ ئەکەم ،

ئەزانی درۆ چەند خۆشە .....

کە ڕاستییەکان لە هاوارێکی شکاو بەولاوە ،چیتر نەبن !!

************

: 2006/9/13

بێ ئەقڵ ئەو کەسەیە....

زویر ئەبێت کە پێی بڵێن شێت ،

زانا ئەوەیە .....

لەبەر بارانی شێتییدا ڕائەکشێ و

خۆی ناخاتە بەر هەتاوی ئیفلیجی ....

ئاقڵە دەبەنگەکان !!

***********

: 2006/9/15

باوکم مرد ؛

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دوێنێ "ماریا " بە دەم قوڵپی گریانەوە**
**وای بە سەگە سپییەکەی وت ؛**
**باوکم مرد ؛**
**سبەی ، " زەنوێر " کەس شك نابات ....**
**ئەو ڕستە کورتەی پێ بڵێت !!!!**
**********************************

***  نیوە دێڕێکی " مەحوی " ە بە دەستکارییەوە .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com